پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ ماڵمان ونیوەڕۆ لە ماڵمان خەوت، کاتێک خەوتبوو ئارەقی دەکرد، ودایکم (بوتڵێکی بچووکی) شووشەی هێنا، ئارەقەکەی تێدا کۆدەکردەوە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ ماڵمان ونیوەڕۆ لە ماڵمان خەوت، کاتێک خەوتبوو ئارەقی دەکرد، ودایکم (بوتڵێکی بچووکی) شووشەی هێنا، ئارەقەکەی تێدا کۆدەکردەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە خەو هەستا، فەرمووی: «ئەی ئوم سولەیم ئەوە چی دەکەیت؟»، ووتی: ئەمە ئارەقی (لاشەی تۆیە) تێکەڵی دەکەین لەگەڵ بۆنەکانمان، وخۆشترین بۆنە لە نێو بۆنەکاندا.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چوو بۆ ماڵیان ونیوەڕۆ لە ماڵیان خەوت (لە ماڵیان قەیلولەی کرد لە نیوەی ڕۆژدا)، دایکی ئەنەس بەناوی ئوم سولەیم بوتڵێکی بچووکی شووشەی هێنا، ئارەقی لاشەی پێغەمبەری تێدا کۆدەکردەوە -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە خەو هەستا وپرسیاری کرد سەبارەت بەوەی چی دەکات لەم ئارەقە، ئەویش ووتی ئارەقی لاشەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەبات وتێکەڵی دەکات لەگەڵ بۆنەکانیان، وبۆنی لاشەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خۆشترین بۆنە لە نێو بۆنەکاندا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10961